کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-7-2007 19:47بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**لەسەردەمی تاریکیدا! ... ئەرسەلان مەحمود**



هەرئەوکاتەی گوڵە لاولاوەکانی
کازیوەیەك.. لەدوورویی شکۆفەم بینی!..
پەراوە عاتیفیەکانی ئەویندارى
ساڵەهای ساڵی گوڵەباخێکم، فڕێدایە
ئەوسەر سنورەکانی
سوتانەوە.. و
خۆشەویستیم بەسێدارە هەڵواسراوەکانی
دارستانێك.. لەبێوەفایی وەرزەکان، سپارد!..
هەرئەوکاتەی
کۆڵانەتاریکەکانی مناڵی
کەسانێك.. لەبەدبینی ڕووناکیم، بینی!..
پەیامە ژەهراویەکانی گەردەلولی
بیابانێکم، هەڵدایە ئەوسەر کەنارەکانی
خنکانەوە.. و
شەقم لەمنارە لوتبەرزەکانی
زەمەنێك لەنائومێدی هەڵدا.. و
ڕوانیمە نەخشە درۆزنەکانی گەلاڕێزان!..
دەستی دەستگیرانە سۆزانیەکانی
نیشتیمانم، لەئایەتە بەجێماوەکانی گوناهدا
لەناو زنجیرە ئەفسانەییەکانی
خوراڤیاتدا، شکاند.. و
بەدەم سەگەبرسیەکانی سەرشەقامەوە
دوورتر لەخۆیان، بەجێمهێشتن!..
هاتم.. کریستاڵی گڵۆپە چاوکزەکانی
گۆڕستانم، هەڵوەراندن.. و
لێوم بەڕوومەتی بوکەشوشە شەڕابیەکانی
کیشوەری فریشتە فریوەکانەوە
سوور سوور بوو.. لەخوێن!..
ئەوخوێنەی بەرلەهاتنی من..
ریشدرێژێکی شاڵوارکورتی ڕەنگ قەترانی
کەلەدۆزەخ گەڕابۆوە.. لاشەکەی
هەتك.. کردبوو!..
ئەودەنگەی بەدەنگێکی خورەمتر لەدەنگی ئاو
لەخوا دەپاڕایەوە.. و
دەیگووت: خودایە چۆن دەبی چۆن
دڵدارێك.. ئەوەندە کاڵفام و یاغنیش بێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خوێنی یارەکەی بمژێ.. و
بەدەستی خۆی باوەشێنی ئاگردانی
جەهەنەم بکات!..
دەپاڕایەوەو دەیگووت:
خودایە، لەسەردەمی تاریکیدا، هاوارم بۆتهێناوە.. و
تەمەننای بارینی هەتاوت لێدەکەم!..
وەلی دەنگی لەنادیارەوە هەڵیدای.. و
بی چەندو چۆن.. ڕۆحی پڕکردین لەبورکان.. و
دڵی لێوان لێوکردین، لەهەڵچوون!..
نەفرەتی بردینە ئەوپەڕی دنیا.. و
تفی بۆ لەهەنگاوەکانی دوێنێی عیرفان.. و
تفی بۆ لەڕووگەی عەشقە بێچارەکانی
ئیمانکردین!..
ئەودەنگە.. دەنگێکی ئاسمانی نەبوو..
ئاخر لەبەرزییەوە قەت ئاوا زوو هەڵنادرێتی!..
ئەودەنگە.. حیلەی جوانوە ئەسپی
ئەودیوو بێدەنگی شوراکان.. و
وڕەوڕی تەلبەندی دەستەمۆیی.. و
تاسەی دڵی گۆڕهەڵکەنە سەرسپیەکانی
لەتاریکیدا.. دەپساند!..
ئەودەنگە.. هەناسەی بایەکی یاخیبوو!..
ئەو یاخیبوو.. لەووردکردنەوەی
غوباری لم.. و
لەبەشینەوەی بەهەشت.. و
جوینەوەی بنێشتی
پاپا.. !
یاخیبوو.. لەسزاو پاداشتی سایەیی
دارستانی بێخەون و خەیاڵی
گەڵا.. !
یاخیبوو.. لەیاساو ڕێسای
ئەهریمەنۆکراتەکان!..
یاخیبوونێك ئەو یاخیببوو.. بروسکەی هەور
داوای لێبووردنی لێدەکرد!..
خاك دەلەرزی، لەترسانی.. و
ڕەنگی ئاسمانی گرتبوو!..
جەنگەڵ.. ماڵئاوایی لەخۆی دەکرد!..
ئەودەنگە.. هەڵگری نیگایەك بوو لەونکردنی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چرپ و چیلە داتاشراوەکان!..
دەنگێك بوو لەخورپەی دڵە ئاویەکان!..
دەیگووت، دەڕۆم.. سەرپۆش بەتەنافی
کولتورەوە ناهێڵم!..
دەیگووت، دەڕۆم.. لەتەوێڵی هەورەکانی
هەناسەی دەریاوە..
بارانی لەپاکبوونەوە.. دەبارێنم!..
دەیگووت، دەڕۆم.. لەهەنگاوەکانم گورجتر
باڵەکانمن!..
سینەی ئاسمان لەتە لەت دەکەم!..
بەفرو وشەو فریشتەکان..
پێکدێنمەوە.. و
تاچاو بەئەستێرەی
کاروان کوژە، دانەخەم.. ناوەستم!..
دەڕۆم.. هەوری لەدرۆزنی و ئەستێرەیەك
لەفریوخواردن!..
رووتدەکەمەوە لەخۆیان.. و
دەیانشۆمەوە لەتاوانی گەورەو بچووك!..
دەیگووت، فەرهەنگ لەبێژنگ دەدەم..
دەستە ڕەشەکانی شمشێر
لەچاڵی خەونە بەهەشتیەکاندا، دەنێژم!..
دەیگووت، لەگەڵ خۆرهەڵاتی ئەم هەڵکردنەما
بوونەوەرە گەمژەکان..
ئەوانەی لەناو تاریکی گەورەبوون..
چۆن خۆیان لەتارمایی مارەبڕکردوە!..
ئاواش چاویان بەڕووناکی ناشۆن.. و
چیزووترە.. دەبی لێرە بڕۆن!..
دەبی بڕۆن..
چونکە ئەوان، ئەوەندەی
دڵگەرمن لەوێرانکردن..
سەد ئەوەندەش ڕیسواو سەرگەردانان
لەناشیرینکردنی جوانی!..
ناشیرینکردنی بەهەشت.. لێرە.. و
ریسواکردنی جوانی لەوی!..
ئەگەرچی لێوم..
هێشتا هەرتامی مردنیان لێدەتکا.. !
بەڵام دەمزانی ئەودەنگە لەکوێوە بۆکوی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
15-7-2007 19:47بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەڵدەکا .. و
تێگەیشتم جوانی لەکوێ پرشنگ دەدا .. !
تێگەیشتم .. ئیتر هاوارو پاڕانەوە
هیچی پی لەڕەنگی خەزان .. ناگۆڕێت!..
هیچی پی لەخوێنخۆری .. و
هیچی پی لەخوێنڕشتن کەمناکرێتەوە!..
هیچی پی لەسوتاندنی بەهار .. و
هیچی پی لەڕووتبوونەوەی پایزانە ناگۆڕێت!..
دەمزانی هیچ هاوارێك نامگەیەنێتەوە
زەمان و زمانی شیعری تازە!..
سەرەڕاش ووتم ئەی با .. تۆ دەتەوی
بەرەو شەڕێکمان وەڕێخەیت
داخی گرانم ..
هیچ لەهونەری ئەو شەڕە تێناگەین ..
کەیاخیبوونە!..
تۆ دەتەوێت لەگوناهێك .. پاکمانبکەیتەوە
هیچ لەهونەری ئەو خۆشەویستی .. و
هۆگربوونە تێناگەین
کەشکاندنی تەلیسمەکانی مەحاڵە!..
ناودەستمان، پڕە لەئاشووب ..
کەدۆڕاندنە!..
دڵمان لەتاریکی تەقی .. و
چاومان لەئەشکەوتێکدا هەڵێنان ..
کەدابڕانە!..
لێرەوە .. بی ڕەنگتر لەڕەنگی با
فریشتەکە هەڵسایەوە .. و
واتە واتێکی دەستپێکرد!..
زۆر نامۆتر... لەدەنگی چرا .. !
وتی مەڕۆن!..
لەخوێناودا، جێممەهێڵن ..
نهێنییەکتان پێدەڵێم .. گوێم لێبگرن ..
ئاگرو عەشق و شیع
سێکوچکەی ڕژانی ڕووناکین
لەتاریکیدا ..

Amk974@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.